# زمانی تایبەت لە کۆزمانەوانیدا (زمانی ماسیگران بە نموونە)

امیر محمد محمدامین
بەشی زمانی کوردی- کۆلێژی پەروەردەی مەخمور- زانکۆی سەڵاحەددین- هەرێمی کوردستانی/ عێراق
پ. د. یوسف شریف سعید
بەشی زمانی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سەڵاحەددین – هەرێمی کوردستانی/ عێراق

**پوختە:**

ناونیشانی ئەم لیکۆڵینەوەیە بە ناوی (زمانی تایبەت لە کۆزمانەوانیدا، زمانی ماسیگران بە نموونە)یە، هەر لەو چوارچێوەیەدا زمانی تایبەت بە تایبەتی زمانی ماسیگران ئاماژە بۆ زمانێك یان زارێك دەكات، كە فەرهەنگ و زاراوەكانی و واتاكانی تایبەتە بە پیشەیەكی دیاریكراو، پشت بە فەرهەنگی تایبەتی دەبەستێت، كە كۆزمانەوانی لیكۆڵینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجامدەدات.

ڕێبازی ئەم لێكۆڵینەوەیە ڕێبازی كارەكی كۆزمانەوانییە، ئەم كەرستانەی كە ئەم لێكۆڵینەوەی پێ ئەنجامدراوە پێكهاتووە لە كرمانجی ناوەڕاست و سەردانی زێی كەڵەك كراوەو چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەو ماسیگرانە كراوە، كە ڕاوەماسی لەو زێیە دەكەن و دانیشتووی ناحیەی كەڵەك و چەمەدوبس و گوندی مەلا عومەر زابن، داتاو زانیارییەكان لە بارەی ئەم پیشەیە و زمانی ئاخاوتنیان وەرگیراوەو بە شێوەی دەنگی تۆمار تۆماركراوە.

ئەم لێكۆڵینەوەیە لە پێشەكی ودووبەش و ئەنجام و سەرچاوەكان و پاشكۆكان پوختەی لێكۆڵینەوە بە زمانی كوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و پێكهاتووەو ناوەڕۆكەكەشی بەمشێوەیەیە:

بەشی یەكەم: بەم شێوەیە پێكهاتووە: هەندێ لایەنی تیۆری زمانی تایبەت، دەروازە، كۆزمانەوانی، زمان، هەمەجۆری زمان، زمانی تایبەتی، چەمك و زاراوەی زمانی تایبەت، پێناسەی زمانی تایبەت، جۆرەكانی زمانی تایبەتی پیشەكان، زمانی تایبەتی پیشەكان، زمانی ماسیگران.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

بەشی دووەم: ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت: زمانی تایبەتی ماسیگران لە کوردیدا، پیشەی ماسیگری، ماسیگر، ناو، پۆلێنکردنی ناو، ناوی گیاندار، ناوی بێ گیان، ناوی ئامێر، ناوی شوێن.

**پەیڤێن سەرەکی:** *زمانی تایبەت، زمانی ماسیگران، کۆزمانەوانی، هەمەجۆری زمان، پۆلێنکردنی ناو*

## پێشەکی:

### ناونیشانی لیکۆڵینەوەکە

ئەم لیکۆڵینەوەیە بە ناونیشانی(زمانی تایبەت لە کۆزمانەوانیدا، زمانی ماسیگران بە نموونە )یە، واتە دیاریکردنی کەرستە زمانییەکانی ماسیگرانە لە کاتی ئاخاوتندا لە چوارچێوەی زمانی تایبەت، کە تاکو ئێستا لێکۆڵینەوەیەك بەم ناونیشانە ئەنجام نەدراوە.

### گرنگی وئامانجی لێکۆڵینەوەکە

زمانی ماسیگران گرنگیەکی زۆری لە پیشەی ماسیگراندا هەیە، وشەو زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە رۆژانە ئاخاوتنی پێ ئەنجامدەدەن. دواتریش دەبیتە هۆی دەوڵەمەندکرنی فەرهەنگی زمان و ئامانجی ئێمەش لەو لێکۆڵینەوەیە کۆکردنەوەی ئەو وشەو زاراوانەیە.

### رێبازی لێکۆڵینەوەکە

ئەم رێبازەی ئەم لێکۆڵینەوەیەی پێ ئەنجامدراوە، بریتیە لە رێبازی وەسفی کارەکی کۆزمانەوانییە، بۆ ئەم مەبەستە سەردانی زێی کەڵەك کراوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو ماسیگرانە کراوە، کە راوەماسی لەو زێیە دەکەن و دانیشتووی ناحیەی کەڵەك و چەمەدوبس و گوندی مەلا عومەر زابن، داتاو زانیارییەکان لە بارەی ئەم پیشەیە و زمانی ئاخاوتنیان وەرگیراوەو بە شێوەی دەنگی تۆمار تۆمارکراوە..

### سنوری لێکۆڵینەوەکە

سنوری لێکۆلینەوەکە پێکهاتووە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست لە زمانی کوردیدا، بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە داتاو زانیارییەکان لە ئاخێوەران وەرگیراوە.

## ناوەڕۆکی لێکۆڵینەوەکە

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە پێشەکی ودووبەش و ئەنجام و سەرچاوەکان وپاشکۆکان پوختەی لێکۆڵینەوە بە زمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی و پێکهاتووەو ناوەڕۆکەکەشی بەمشێوەیەیە:

**بەشی یەکەم:**

بەم شێوەیە پێکهاتووە: هەندێ لایەنی تیۆری زمانی تایبەت، دەروازە، کۆزمانەوانی، زمان، هەمەجۆری زمان، زمانی تایبەتی، چەمك و زاراوەی زمانی تایبەت، پێناسەی زمانی تایبەت، جۆرەکانی زمانی تایبەتی پیشەکان، زمانی تایبەتی پیشەکان، زمانی ماسیگران.

**بەشی دووەم:**

ئەم بابەتانە لە خۆ دەگرێت: زمانی تایبەتی ماسیگران لە کوردیدا، پیشەی ماسیگری، ماسیگر، ناو، پۆلێنکردنی ناو، ناوی گیاندار، ناوی بێ گیان، ناوی ئامێر، ناوی شوێن.

# بەشی یەکەم

## ١ـ١هەندێ لایەنی تیۆری زمانی تایبەت:

### ١_١_١دەروازە:

زمانی تایبەت سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵە کەسێك بۆ کارێك یان پیشەیەکی تایبەت بەکاری دەهێنن، بەڵام ئەو زمانە فۆڕمەکانی لە زمانێکی گشتی وەردەگیرێت، کە کۆمەڵەیەکی نیشتەجێبووی هاوزمان،ڕۆژانە ئاخاوتنی پێ ئەنجامدەدەن، لێرەدا ئەو فۆڕمانە بۆ واتای نوێ و مەبەستی تایبەت دەگوازرێنەوەو لە ئاخاوتنەکانیاندا بەکاردەهێنرێن.

هەر لەو چوارچێوەیەدا ئەو زاراوەیە ئاماژە بۆ زمانێك یان زارێك دەکات، کە فەرهەنگ و زاراوەکانی و واتاکانی تایبەتە تەنها لە لایەن چینێك یان کۆمەڵێکی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی بەکاردەهێنرێت، پشت بە فەرهەنگی تایبەتی دەبەستێت و کۆزمانەوانی بە شیوەیەکی مەیدانی لیکۆڵینەوەیان لە بارەیەوە ئەنجامدەدات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ١ـ٢كۆزمانەوانی Sociolinguistics:

کۆزمانەوانی وەکو زانستێك بایەخ بە زمان و لایەن و دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ دەدات. هەربۆیە، کۆزمانەوانی لقێکە لە زمانەوانی کارەکی، کە لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی دیالێکتی جوگرافی و دیالێکتی کۆمەڵایەتی و جووتە زمانی و کاریگەری ئاڵوگۆری لە نێوان زمان و کۆمەڵگە دەکات.(الخطیب،٢٠٠٦: ٦٨) لێکۆڵینەوەو سەرنجدان لە دیالێکتەکانی زمان و دیاریکردنی جۆرو سنوری ئەم دیالێکتانە لە ناو کۆمەڵگەیەکی زمانی ئەرکی کۆزمانەوانییە. کەواتە، کۆزمانەوانی بریتییە لەو زانستەی، کە (هەر لێکۆڵینەوەیەکی زمان پەیوەندی بە کۆمەڵگەوە هەبێت.)( Matthews, 2011:372) بەمشێوەیە زمان پەیوەستە بە کۆمەڵگەوەو کۆمەڵگەش پەیوەستە بە زمان و هەردووکیان دوو ڕووی یەك دراون.هەر بۆیە(( زمان لە ناو دەوروبەری کۆمەڵایەتی دا گەشە دەکات و هەر ئەو کۆمەڵەش فەرمانڕەوایەتی زمانەکە دەکات بە بەکارهێنانی لە لایەن قسەپێکەرەوە.)) (Mey,2001:43)(ملا حمدامین،٢٠١٣: ٧٩)ژینگەی زمانی ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، لە نێو هاوزمانان و کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە، لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردنی ئەو زمانە و پەیوەندیکردنی لە نێوان تاکەکانی ئەو کۆمەڵی زمانەدا. بەمشێوەیە، (زمان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتیەو دیاردەیەکی تاکەکەسی نییە، لە بەر ئەوەی مرۆڤ، زمان بۆ بیرو هەستەکانی بۆ خۆی بەکارناهێنێت، بەڵکو بۆ هاوڕەگەزەکانیەتی ئینجا لە هەر کۆمەڵگەیەکدا بێت.)(طلیمات، ١٩٩٧: ٢٢)لە ڕووەوەدا مرۆڤ بیروڕاکانی خۆی و هەستەکانی لە ڕێگەی فۆڕمەکانی زمانەکەی بۆ بەرامبەرەکەی دەگوازێتەوە.

## ١ـ٣ زمان Language:

هەر کۆمەڵێکی زمانی پێویستی بە زمانێك هەیە، ئەو زمانەش( سیستەمێکە لە کۆمەڵێك نیشانەی دیاریکراو پێکدیت و دابەشبوون پەسەند دەکات و تاك بە شێوەیەکی ئاسایی وەری دەگرێت، کە ئامرازێکە بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی و بەجێ گەیاندنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر.)(علی،٢٠٠٤: ٢٦)واتە، مرۆڤ بەهەر زمانێك قسە بکات، ئەو زمانە پەیڕەوێکی تایبەتی هەیە، کە قسەکەر پابەندە پێیەوە، تاکو بتوانێت هەست و مەبەستەکانی خۆی پێ دەربڕێت. هەر بۆیە ((زمانی گشتی Langue کۆی هەموو زانیارییەکانە، جۆرێکە لە نامیلکەیەکی سەرچاوەیی گشتی و هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەی ئاخێوەران (قسەکەران) سەرو کۆپی خۆیان لێوە دەستهێناوە.)) (ویدۆوس، ٢٠٠٨: ٣١) بەڵام کاتێك ئاخێوەرانی زمانێك، دانەیەك لە زمانەکەی خۆیان وەردەگرن، ئەم دانەیە یاخود ئەم کۆپییە، لای هیچ هاوزمانێك سەداسەد وەکو یەك نییە، بەڵام ڕادەی



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

لێکچوونی ئەوندە زۆرە، کە هەست بە جیاوازییەکەی ناکرێت. بەمشێوەیە(( زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە کە هەر یەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات.)) (فتاح،٢٠١١: ١١) کەواتە، دەکرێت لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین، هەر ئاخێوەرێك شێوازێکی تایبەتی لە کاتی قسەکردندا هەیە، کە لە شێوازی هاوزمانەکەی خۆی ناچێت، ئەمەش ئەو دانەیەیە، کە لە زمانەکەی وەرگرتووە.

## ١_٤ هەمەجۆری زمانLanguage diversity:

هەموو کۆمەڵێکی زمانی بە هۆی جیاوازی لە کەلتوورو پیشە و کاری جیاوازەوە، جیاوازی زمانیشی تێدا بەدی دەکرێت، هەربۆیە هەمەجۆری زمان لە کۆمەڵگاکانی زمانیدابە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت. کەواتە، لە گشت کۆمەڵگاکانی زمانی لە جیهان جیاوازییەکی ڕوون و ئاشکرا لە گۆکردن و ڕستە و وشەکانی لە کاتی ئاخاوتنی کەسێك لە کۆمەڵگەی زمانی خۆی بە دیاردەکەوێت، جیاوازییەکی ڕوون لە شێوازی دەربڕین و ئەو ڕێگەیەی، کە وشەکانی زمانەکە پێ گۆدەکات،هەیە.(فارع و ئەوانیتر، ٢٠٠٣: ٢٩٤)کەواتە، تاك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە کاتی ئاخاوتندا و فۆڕم و شێوازکانی دەربڕینی جیاوازە بە گوێرەی پێگەی کۆمەڵایەتی و پیشەو کارەکەی. هەر بۆیە، هەمەجۆری بوارەکانی ژیانی تاك لە ڕۆژانەدا لە نێوان پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری و هیترو لە هەر بوارێك لەمانەی ئاخاوتنی تایبەت بە خۆیان هەیە.(عکاشە، ٢٠٠٧: ١٥١) کەواتە، لێرەدا دەکرێت بگووترێت، هەر پیشەیەك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەیە. بۆ نموونە: زمانیسەربازوزمانی ڕۆژنامە و زمانی دەریاوانو زمانی وەرزشوانان و بەمشێوەیە دەڕوات، زمانەوانەکان بەو هەمەجۆرییەی زمان لەزمانی هاوبەش دەڵێن یاخود ناویانناوە، زمانەکانی یان زارەکانی کۆمەڵایەتی (دیالێکتیکۆمەڵایەتی) Social dialects جیایدەکەنەوە لە دیالێکتەکانی ناوچەیی Local dialects. (خلیل،٢٠١٠: ٦٤) کەواتە زمانەوانان بە شێوەیەکی ئاشکرا، جیاوازی لە نێوان زمانی پیشەیی و زمانی جوگرافیدا دەکەن، کە هەر یەکەیان پەیوەستە بە شوێن وپیشەکەی. بەهۆی ململانێی هۆکاری جیاوازی زمانی و هۆکاری یەکبوونی زمانی هەمەجۆری زمان لە لای یەك گەل بەرهەمدێت لە زمانی تایبەت و زمانی کۆمەڵایەتی و زمانی ناوچەیی و دیالێکتی هەرێمی و زمانی هاوبەش.(الضامن، ١٩٨٩ :١١٥)ئەمەش وا دەکات، کە زمانی تایبەت وئەوانیتر تایبەت بن، بە کۆمەڵێکی زمانی، کە خاوەنی یەك پیشەن یان ناوچەیەکی دیاریکراون.

## ١_٥ زمانی تایبەتی:

### ١_٥_١ چەمك و زاراوەی زمانی تایبەت:

لێرەدا ئاماژەکردن بە چەمك وزاراوەی زمانی تایبەت بە پێویست دەزانرێت. هەر بۆیە زمانی تایبەت لە زمانی ئینگلیزی argot و زمانی عەرەبی (أرغە) ی پێدەگووترێت، ئەو زمانە تایبەتە بە دەستەیەك یان خاوەن پیشەکان یان چینێك، کە بۆ خۆیان دروستی دەکەن.(الخولی، ١٩٨٦: ٦) بەمشێوەیە لە زمانی کوردیدا بەرامبەر ئەم دوو زاراوەی ئینگلیزی و عەرەبی زماتی تایبەت بەکارهاتووە.زاراویأرغە ئاماژە بۆ زمانێك یان زارێك دەکات، کە فەرهەنگ و زاراوەکانی و واتاکانی تایبەتە تەنها لە لایەن چینێکی کۆمەڵگە یان پیشەیەك بەکاردەهێنرێت، پشت بە فەرهەنگی تایبەتی دەبەستێت، کە ئاخێوەرانی دەرەوەی ئەم چینە یان پیشەیە واتای وشە وزاراوەکان بە ئاسانی تێ ناگەن، مەگەر لە ناو بازنەیەکی تایبەتدا نەبێت، وەکو کۆمەڵێك یان چینێکی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی دیاریکراودا. ئەم زمانە تایبەتە توێژێك یان خاوە پیشەیەك لە نێوان خۆیان بەکاری دەهێنن و گفتوگۆی پێدەکەن، کە بۆ کەسێك لەو توێژە یان پیشەیە نەبێت، تێگەیشتن لە وشەو زاراوەو گفتووگۆکانیان ئاسان نییە. بەمشێوەیە ئەوەی لەو زمانە دەبینرێت،هیچجیاوازییەکیاننییەلەڕۆنانیدەنگسازییانوشەسازییانڕستەسازیمەگەرجیاوازییە کە – بەزۆری – لە واتابێت؛ کە واتاکەیان لەسەر گۆ کراوەکان و شێوازەکەیە، هەریەکە لە جیوساندری Sandry و مارسیل کاریر Carrere دووورناکەونەوە لەوەی؛ کە هەموو چالاکیەك لەکۆمەڵگە: بازرگانی یان پیشەسازی یان وەرزشی و خزمەتگوزاری زمانێکی تایبەتی پێکدەهێن ن؛ کە لە زمانی هاوبەشی دەسەڵاتداری دەرچووە وەکو بۆرسە و فڕکەوانی و یاریزانی سێرك و زۆرانبازی و پیشەگەرییەکانی پێشتر و بەندیخانە و وێنەکێشەکان و شانۆکارەکان و کەنیسە و سینەماکاران و سوپاکان و قوتابخانەکان و سەوڵ لێدەری چارۆگە و دەریاوان و ماسیگرەکان و یاریزانی تۆپپێ و میکانیك؛ هەموو ئەوانە هی تریش زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە؛ کە هەڵساون بە کورت کردنەوە و شێواندنی دەنگی یان لە ڕێ لادانی واتای وەرگرتنی وشەیەك لە زمانێکی تر؛ و ئەوە بریتییە لە سروشتی زمانی تایبەتی و نەهێنی.( خلیل،٢٠١٠: ٦٦)واتە ئەم زمانە تایبەتە، کە لە بنچینەدا لە زمانە گشتیەکەی خۆی وەرگیراوە، بۆ پیشەی جۆراوجۆر بەکاردەهێرێت و هەر پیشەیەکیش زمانی تایبەت بە خۆی هەیە، کە لە زمانی پیشەکەی تر جیاوازە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

## ١_٦ پێناسەی زمانی تایبەت:

زمانی تایبەت زۆر پێناسەی بۆ کراوە، یەکێك لەو پێناسانە، ئەوەیە (زمانێکی تایبەتە بە دەستەیەك یان کەسانی پیشەیەك یان چینێك، کە بۆ خۆیان ئەو زمانە دروست دەکەن.)(الخولی،١٩٨٦: ٦) واتە هەر چین و توێژێك کە لە پیشەیەکی تایبەتی یان کارێکی تایبەتی بەیەکەوەن، زمانێکی تێگەیشتن لە نێوان خۆیان پێکدەهێنن و بە ئاسانی لەیەکتر دەگەن. یان زمانی تایبەت (یەکەی تایبەت بەکاردەهێنیت.)(Matthews,2011:26)هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەم وشەو دەستەواژانەی، کە لە زمانی تایبەت بەکاردەهێنرێت، تایبەتە بەو زمانە.

## ١_٧ جۆرەکانی زمانی تایبەت:

سەبارەت بە جۆرەکانی زمان، لابوف (labov)باوەڕی وایە؛ کە زۆر پیشە و ئەرك زمانێکی دیاریکراو یان هەیە،جیاوازن لە یەکتری.(خلیل،٢٠١٠: ٦٥)واتە لە هەموو زمانەکاندا زمانی تایبەت هەیە، ئەم زمانە تایبەتەش بە پێی پیشە و تایبەتێتی کارەکە جیاوازی هەیە، واتە زمانی تایبەتیش بە گوێرەی پیشە و ئەرکەکەی جیاوازن و شێوەو جۆری جیاوازی هەیە.(هۆی بنەڕەتی بۆ پەیدابوونی دیالێکتەکانی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی پێگەی کەسەکان لە یەك هەرێمدا.)( الضامن، ١٩٨٩: ١١٧)بەمپێیە تاك شێوازی ژیانیان جیاوازە لە یەکتری، بەهەمان شێوەش شێوازی کۆمەڵە کەسێك کە خاوەنی یەك پیشەن لەگەڵ کۆمەڵە کەسێکی تری خاوەن پیشەیەکی ترن جیاوازن، ئەمەش وا دەکات شێواز و زمانی ئاخاوتنیان لەیەکتر جیاواز بێت. هەر بۆیە((لە نێوان هەر گرووپێك و پیشەیەکدا دەستەواژەو جۆرە دەربڕینێك و هەندێکجار جۆرە گاڵتەیەك هەیە لە نێوان خۆیاندا کاتێك تێکەڵیان بیت دەبێت هەموو ئەوانە فێربیت، هەندێکجاریش دەگاتە ئەو ڕادەیەی کە هەندێ لەو گرووپانە جۆرە زمانێك بۆ خۆیان دروست دەکەن کە خەڵکی تر بەئاسانی لێیان تێناگات.))(باطنی، ٢٠١٢: ٣٧)ئەمەش وەکو: پیشەی ماسیگری و بەرگدرووی و مامۆستایی و باندی دزو جەردەو چەتەی دەریایی... هتد. لێرەدا بە پێویست دەزانرێت، باسی زمانی تایبەتی پیشەکان، لەوانەش زمانی ماسیگران بکەین.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ١_٨ زمانی تایبەتی پیشەکان:

### ١_٨_١ زمانی ماسیگران:

زمانی پیشەکان ((ئەو تایبەتمەندیە زمانیانەیە، کە لە لایەن خاوەن پیشە تایبەتییەکانەوە بەکاردێت.)) (ئەحمەد، ٢٠١١: ٢٦) واتە ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی زمانی کوردی بکەین، دەبینین، هەر پیشەیەك ئەو وشەو ڕستانەی لە نێوان خۆیان بەکاردەهێنن، جیاوازە لەگەڵ زمانی گشتی. هەر بۆیە (هەموو پیشەیەك زاراوەی تایبەت بە خۆی هەیە، و هەموو پیشەیەك پێویستی بەو وشەو زاراوانە هەیە.) (الخولی،٢٠٠٠: ١٦٥) بەمپێیە زمانی ماسیگران وەکو زمانێکی تایبەتی پیشەکان خاوەنی زمانێکی تایبەتی خۆیەتی لە بەکارهێناندا، هەر بۆیە زمانی پیشە یان بازرگانی ئەو زاراوەیە ئاماژەیەکە بۆ بازنەیەك لە وشە و دەستەواژ و زاراوەی بەکارهاتوو، کە لە بواری تایبەت بەکاردەهێنرێت. ئەو وشەو دەستەواژانەی، کە لەزمانی ماسیگراندا هەیە، تایبەتە بەو پیشەیە،لێرەدا هەندێ لە وشەو دەستەواژەو ڕستانەی، کە لە چاوپێکەوتنی ماسیگرەکانی زێی کەڵەك وەرمانگرتووەو لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵینەوە خراوەتەڕوو، بە نموونە دەخەینەڕوو:

- گەتان لەگەڵ فەرخ بز تلقیحی یەکتر دەکەن،(ماسی زڕ، زڕماسی) لێ دەکەوێتەوە، وەکو زڕتاژی.
- مارماسی هەروەکو مارە، بە تۆڕ بە قولاب دەگیرێت.
- قولاب ڕیخەڵۆکی مریشکی پێوە دەکەن، یاخود گۆشتی حەیوان پێوە دەکەن.
- ڕیخەلۆکی مریشك بەقوتە لۆ قولابی.
- رزقی من لە سەر ماسییە.
- گۆمەکانی بێژنگ کردووە.
- ماسی لووسە.
- سکە لە ئاو دادەکوتم، تا تۆڕەکە نەڕوات.
- جارەك یەك فەردەی شیش کووت ماسیم گرت.
- عزیز، دەڵێن: ئەتوو بە فەردان ماسی دەفرۆشی.
- حەسوود هەیە، چاوپیس هەیە.
- تۆڕ لە بنەکەی مسی پێوەیە بۆ چوونە ناو ئاو، لە سەرەوە تەپەدۆری پێوەیە.
- فەردە پڕ بەرد دەکەیت لە تۆڕ دەبەستی.
- بنەدار، بنەگەز تۆڕی لێ دەبەستی.
- سەری تۆڕ یان لە فەردەی بەرد یان لە بنەدارەك دەبەستی، ئەگەرنا تۆڕ دەڕوات.
- بەدلە دوو قایشی پێوەیە، پۆتین(جزمە)، سەرو بن لە خۆیتی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

- جزمەکە بە بەدلەکەیەوە.
- تاکو قالبت تەڕ نەبیت، شاپەڕی ماسی لێت نەدات و زیانیت پێ نەگەیەنێت.
- تەڕایی، لە ناو ئاودای، سینگ، هیشکایی، پژدێن، چۆك، دڕان و پسان، گیربوون، قولاب.
- بەدلەی ڕاوکردنی ماسی، بەدلەی بە جزمە، بەدلەی بێ جزمە
- ئەو شتانە بە قولاب وەدەکرێ بۆ ڕاوکردنی ماسی: هەویر، مشك، جورج، ماسی.
- تۆڕ هەیە لە ناو ئاو بەجێی دەهێڵین.
- تۆڕیش هەیە لەگەڵ خۆت بە ناو ئاودا دەیبەیت، ماسی پێوە دەبێت.
- ماسی بەگی نییە، پێش وپێشی هەیە، بادانەوەی سەریعە.
- ماسی کەلە تۆڕ دەدات لەگەڵ خۆی دەبات.
- تۆڕی ئێمە بەرینە تەسك نییە.
- چووپ عەیارەکەی بیست وچوارە.
- تۆڕ وەرگەڕانی هەیە.
- بەڵەمی دار، بەڵەم هەیە زەورەقی پیوەیە.(ماتۆڕی پێوەیە.)
- بەڵەمی بێ ماتۆڕ بە سەلب لێدان دەڕوات.
- تۆڕی تەسك بۆمە نابیت.
- ماسی سوڕانەوەی سەریعە.
- سەلبە(دارە) سەلب لیدان.
- تەشتی لاستیك بەفری لە ناو دەکرێت و بەفرەکە بە مەترقە دەشکێندرێ و ماسی ڕاوکراوی لە ناو دادەنرێت.
- بادینان، زێ دێتە خوارێ، ئاو تەنك دەبێت، بەرد بە دیار دەکەوێت، قەوسایی (خڕیی) بەرد دروست دەکەیت، فەردەك پڕ لە جۆ یان ئالیك دەکەیت لە تیژن دادەنێیت، کە ئاو لێی دەدات تام و بۆنی هەیە ماسی بە دوایدا دێت، دەرهێنانی تۆڕ.
- تۆڕ جۆری هەیە.
- تۆڕی دووپەنجە ماسی بستێك، بست و نیوێك دەگرێت.
- ئەم تۆڕانە چاویان هەیە، چاوی گەورەو چاوی بچووك.
- زێ قرێژی هەیە، زێ گووبۆقی هەیە.
- تۆڕ گووبۆق دەگرێت.
- وەرگەڕانی تۆڕ.
- سەمیر ماسیگر، سابیر ماسیگر.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئەگەر لە ڕووی سینتاکسەوە سەیری ڕستەی (ماسیگرەکە گۆمەکانی بێژنگ کردووە.) کە ئەم ڕستەیە لە زماتی ماسیگران بەکاردێت، دەبینین یاسا سینتاکسیەکەی بە هەمان شێوەی یاسا سیتتاکسیەکەی زمانە گشتییەکەیە، پێکهاتووە لە (بکەر + بەرکار + کار) بەڵام واتاکەی تایبەتە بە زمانی ماسیگران.

ئەگەر لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە سەیری وشەی (ماسیگر) بکەین، بە هەمان یاسا مۆرفۆلۆجیی زمانی گشتی پێکهاتووە لە ( ناو + ڕەگی ڕانەبردووی چاوگی گرتن) بەڵام ئەو وشەیە نازناو بەکاردێت، دەدرێتە پاڵ ناوی کەسەکە یان بە تەنیا بەکاردێت.

ئەگەر لە ڕووی فرەواتاییش سەیری زمانی تایبەت بکەین، بە شێوەیەکی ئاشکرا هەستی پێدەکرێت، بۆ نموونە: وشەی کەڵەك وشەیەکی فرەواتایە و سێ واتا لە خۆدەگرێت، یەکەمیان بە واتای ناحیەی کەڵەك و هی دووەمیان بە واتای زێی کەڵەك و هی سێیەمیان بە واتای پەڕینەوە بەچووپ(عبرە= کەڵەك) دێت.

## بەشی دووەم

## ٢ـ١ زمانی تایبەتی ماسیگران لە کوردیدا:

### ٢_٢ پیشەی ماسیگری:

ڕاوکردنی ماسی لە لایەن مرۆڤەوە وەکو پیشەیەك سوودی لێ وەرگیراوە. هەربۆیە، ناسینی ماسی هەر لە کۆنەوە تاکو ئێستا سەرچاوەیەکی گرنگی ئابورییە، لە لایەن زۆربەی دانیشتووانی وڵاتانی جیهان.(الزوار، ١٩٨٩: ١٥١) واتە پیشەی ماسیگری وەکو ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی خۆراك و بژێوی ژیان لە لایەن مرۆڤەوە بایەخی پێدراوە.

### ٢ـ٣ ماسیگر:

ماسی و ماسیگری دوو زاراوەی تایبەتن لە زمانی ماسیگرەکان بەکاردەهێنرێت. خۆی، ماسی زیندەوەرێکی زیندووە لە ژینگەی ئاوییدا دەژیت و سیفات و ڕوخساری تایبەتی هەیە، کە جیاوازە لەگەڵ زیندەوەرانی ژینگەی تردا، وەکو ژینگەی وشکانی بە بەشە جیاوازییەکانی بیابان و کشتوکاڵی و چیاییەوە. (محمود،٢٠٠١ : ١٠) کەواتە ماسی شێوەی تایبەتی بە خۆی هەیە، تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر بۆیە مرڤ بیری لە ڕاوکردنی کردۆتەوە. بەمشێوەیە، ماسیگرەکان ڕۆژانە ڕێگاو شێوازی نوێ و نامۆ دادەهێنن و ڕێگاکان وئامرازەکانی ڕاوکردنی ماسی بە شێوەیەکی گشتی بە یەك دەچن،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

وەکو بەکارهێنانی تۆرو بەلەم بۆ ڕاوکردنی ماسی... ماسیگرەکان، بێجگە لە تۆڕو بەلەم بۆ ڕاوکردنی ماسی، ڕیگەی قەدەغەکراوی وەکو ژەهرو تەقەمەنی و دەرمان بۆ ڕاوکردنی ماسی بەکاردەهێنن.(ضیان، ١٩٧٨: ٧_١٣)هەبوونی جۆراوجۆری ماسی لە جۆرو قەبارەدا، وا لە ماسیگرەکان دەکات، کە تۆڕو بەلەمی جیاواز لە ڕاوکردنیاندا بەکاربهێنن. ماسیگرەکان، کە ئەوان لە سەر ڕاوکردنی ماسی لە لێوار و کەناراوەکانی کەنداو سەر شەتی (یەکاوی) عەرەبی دەژین، بە زمانی عەرەبی قسە دەکەن، بەڵام ئەوانە شێوازێکی گۆکردنی تایبەتییان لە کاتی قسەکردندا هەیە و ئەو دەستەواژانەی، کە بەکاریشی دەهێنن، لێشیان تێدەگەن. (خلیل،٢٠١٠: ٥٩) بەهەمان شێوە، کە ئێمە لە نزیکەوە سەردانمانکردن، ماسیگرە کوردەکانی سەر زێی کەڵەك لە کاتی ئاخاوتنیان زمانی تایبەت بە خۆیان هەیە، کۆمەڵێك وشەو دەستەواژە لە پیشەی ڕاوکردنی ماسی بەکاردەهێنن، کە کەسانی ئاسایی یان ئەوانەی لە دەرەوەی ئەم پیشەیەن، بە ئاسانی لێیان تێناگەن. ماسیگر ئەو کەسەیە، کە ماسی و گیانەوەری تر، کە لە ناو ئاودا دەژین، ڕاودەکات، وەکو ماسی و زیندەوەری ئاوی تر، وەکو پیشەیەك بۆ پەیداکردنی پارە یان وەکو ئارەزوویێك هەڵدەستیت بە ڕاوکردنی ماسی و گوێچکەماسی و بەدەستهێنانی مرواری، کە ئافرەت بۆ جوانکاری لەبەری دەکەن.زۆر جاری وا هەیە، ماسیگرەکان بێجگە لە ماسی، ڕۆبیان و ئەختەبوت و جەڵاوی و گیانداری تری ئاوی ڕاو دەکەن.

## ٢_٤ ناو:

ناو لە زمانی کوردیدا بە شێوەی جۆراوجۆر پێناسەکراوە، یەکێك لەم پێناسانەدا، ئاماژە بەوە دەکات، کە ((ناو واژەیەکە بەکارئەهێنرێ بۆ ناونانی کەسێ یا شتێ.))( أمین، ١٩٥٨: ٢٨) لە پیناسەیەکی تردا (( ناو ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێ گیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکات.))(مارف، ٢٠٠٤: ٣٥١ ) بەمشێوەیە دەکرێت، ناو بە پێی چەمکەکەی جۆری تریش وەکو ناوی شوێن و ناوی پیشە و ناوی ئامێری... هتد هەبێت. لێرەدا بە پێی پێویستی ئەم لێکۆڵینەوە جۆرەکانی ناو وەکو ناوی گیاندارو بێ گیان و ناوی ئامێرو ناوی شوێن پۆلێن دەکەین.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ٢_٥ پۆلێنکردنی ناو:

### ٢_٥_١ ناوی گیاندار:

ناوی گیاندار ئەو وشەیەیە، کە لە ناوی گیاندارێك دەنرێت، بە مەبەستی دیاریکردن و دەستنیشانکردن و جیاکردنەوەی لە گیاندارو ئەو شتانەی کە لە دەوروبەریدا هەیە، هەر بۆیە لە زمانی ماسیگراندا زۆر زیندەوەری ئاوی هەیە و ماسیگران لە کاتی ڕاوکردن و ئاخاوتن لە نێوان خۆیاندا پێویستیان پێ دەبێت و بەکاری دەهێنن، یەکێك لەو زیندەوەرە ئاوییانە ماسییە، دیار ماسییش لە ڕووی جۆرو جۆرو قەبارەوە زۆر جۆری هەیە و ماسیگران لە زمانی تایبەتی خۆیاندا ناوی جۆراوجۆریان لێناوە، ئێمەش بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەیە مەیدانییەی، کە بۆ زێی کەڵەك ئەنجامماندا، چاوپێکەوتنمان لەگەڵ ژمارەیەك ماسیگر کردو داتاو زانیاریەکانمان لە بارەی زمانی ماسیگران تۆمارکرد، کە لە پاشکۆی ئەم لێکۆڵێنەوەیە خراوەتەڕوو، لێرەشدا سەبارەت بە ناوی گیاندار، کە ماسیش بە گیاندار دادەنرێت، ناوی ژمارەیەك جۆری ماسی دەخەینەڕوو:

- جۆرەکانی ناوی ماسی: ماسی، ماسی بچوك، ماسی گەورە، سۆرەماسی،گەتان، قوڕاوی، پانکە، مارماسی، دەوگەورە، بنی، سمتی، شەسانی ئەلیچۆ، زەردە، زەردەماسی، قەشاش، کەسکەماسی، فەرخ،بز، فەرخ بز، زڕماسی،قوڕخۆرە، لچە،دمبك، قرژال، جوڕی، سەگاو،شەبووت، ڕۆبیان، ڕۆبیانی گچکە، جەلاوی(وەکو کیسەڵە، بەڵام لەو گەورەترە.)

_ سێ جۆر ماسی جوڕی هەیە.

١_ جوڕیی ڕەش جۆرێکی گچکەیە، بن گوێی بەنجە و ژەهراویشە، گەر لە دەستت بدات بۆ ماوەی بیست وچوار سەعات ژان دەکات و بە کەڵکی خواردن نایەت.

٢_ جوڕیی زەرد سەری شاپەرەکانی ژەهراوییە،گەر بشمریت هێسکەکەی بە دەستت بکەوێت، ژان دەکات.

٣_ جوڕیی ئاسایی گەورورەیەو زۆر مەرغوبە و دەخورێت.

### ٢_٥_٢ ناوی بێ گیان:

سەبارەت بە ناوی بێ گیان، دیارەماسیگران لە پیشەکەیاندا لە کاتی ڕاوکردنی ماسیدا ژمارەیەك کەرسەو پێداویستی ڕاوکردنیان پێویستە، کە ئەوانیشناو و دەستەواژە جیاجیایان لێیە و لە کاتی ڕاوکردندا بەکاردەهێنن، لێرەدا هەندێ ناوی بێ گیان دەخەینەڕوو، بۆ نموونە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- مسگوف، سەقالە، غەراد، نان، چا، ڕوون، مقری،مس، تەپەدۆر،جلوبەرگ موشەمەع مەتەری، فلینە، مسگوف،گەنی، چا،ئاوی شێڵو، ئاوی ڕۆن،فەردەماسی.
- تەڕایی، لە ناو ئاوداى، سینگ، هیشکایی، پژدێن، چۆك، دڕان و پسان، گیربوون.

## ٢_٥_٣ ناوی ئامێر:

لە کاتی ڕاوکردنی ماسیدا، ماسیگرەکان ئامیری تایبەت بۆ ڕاوکردن بەکار دەهێنن. هەر بۆیە، ناوی ئامێر ناوێکە واتای ئەنجامدانی کردەوەیەك دەگەیەنێت.(یوسف، ١٩٩٩: ٢٣)ئینجا ئەم ئامێرانەی بۆ ڕاوکردنی ماسی بەکاردەهێنرێن، ناوی جۆراوجۆریان هەیە. وادادەنرێت، کە ڕاوکردن بە تۆڕ ئامرازێکی کۆنی ڕاوکردنی ماسییە، کە ئەم شێوەیە بە بەردەوامی پێشکەوتووە تاکو گەیشتۆتە بەڵەمی ڕاوکردن... پیشەسازی تۆڕی ڕاوکردنی ماسی پێشکەوتنی باشی بە خۆیەوە بینیوە، بە داوی سروشتی، وەکو: ئاوریشم، لۆکە، یاخود داوی دروستکراوی نایلۆن.(محمود،٢٠٠١ : ١٥٤) لێرەدا هەندێ ناوی ئەو ئامێرانە دەخەینەڕوو، کە لە چاوپێکەوتنی ماسیگرانی زێی کەڵەك وەرگیراون و لە پاشکۆی ئەم لێکۆلینەوەیە خراونەتەڕوو:

- جۆرەکانی تۆڕی ڕاوکردنی ماسی: تۆڕی یەك پەنجە، تۆڕی پەنجەونیو، تۆڕی دووپەنجە، تۆڕی سێ پەنجە، تۆڕی چوار پەنجە، تۆڕی پێنج پەنجە، تۆڕی شەش پەنجە، تۆڕی حەوت پەنجە،تۆڕی هەشت پەنجە، تۆڕی دە پەنجە، تۆڕی بیست پەنجە، تۆڕو تۆڕی پەرەشووت(١٢٠ کیلۆ ماسی دەگرێت)، تۆڕی گەعێتی، تۆڕی جودی، تۆڕی سعی، تۆڕی سومێری، تۆڕی نایلون بۆ (ڕۆژوئاوی ڕوونە)، تۆڕی دەزی بۆ (شەووئاوی شێڵوە)_ تۆڕی گەورە گعێچی، تۆڕی سعێچی، تۆڕی پەڕەشووت،کەڵەك.
- بەڵەم(تەرح)،، قولاب، سەرکەقولاب گەورە، سەرکە قولابی بچووك،قولابی گەورە، بەچووپ( عبرە= کەڵەك)، تی ئێن تی(تەقینەوە)، بەڵەمی بێ مەکینە، بەڵەمی بە مەکینە، کارەبا.
- خیت، خێتی رەقم پەنجا، خێتی رەقم دە،خێتی رەقم حەفتا،خێتی رەقم پەنج،خێتی رەقم چوار، خێتی رەقم سەد،خێتی رەقم سەدوپەنجا
- فالە (پارچە شیشێکی درێژە نزیکەی دوو مەتر دەبێت، سەرەکە قەوسی نوکتیژە، لە ماسی دەدرێت بۆ ڕاکێشانی لە ناو ئاو.)
- داو (خێت) عەیاری هەیە، (عەیاری پازدە، عەیاری شازدە، عەیاری حەڤدە، عەیاری هەژدە، عەیاری نۆزدە، عەیاری بیست، عەیاری، بیست و یەك، عەیاری بیست و چوار)
- بەرینی و تەسکی تۆڕ


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- بەرینی تۆڕ (تۆڕ هەیە دوو مەتر، سێ مەتر، چوارمەتر، پێنج مەتر، شەش مەتر بەرینە.)
- درێژی تۆڕ ( بە ئارەزووی خۆتە حەز دەکەیت سەد مەتر درێژ بیت.)
- بەدلەی ڕاوکردنی ماسی، بەدلەی بە جزمە، بەدلەی بێ جزمە
- تۆڕی سلایە (تۆڕی بە زنجیر = تۆڕی خڕ)، خێت، بەکرەی خێت، سەرکە قولاب، سەرکە قولابی گچکەگچکە، سەرکە قولابی گچکە، سەرکە قولابی گەورەگەورە، سەرکە قولابی گەورە، سەقالە( بۆ قورسکردنی قولابە)، قولابی مندالْ، تەوافە، داوی قولاب، خێتی قولاب، خێتی فەل، سنارە، بەکرەی سنارە( مەکینە)، داری قولاب،
- بەکرەی خێت قیاسی گەورە.
- تەبگ(سێ تۆڕ چوار تۆڕ لێکدراوە.)
- مەترەقە (مێکوتە= کوتکی ساوار کوتانەوە)، تەشتی لاستیك.
- فالە، رمح، لایت، بەلەم، سەلب، سەلبی بەلەم، شەقفی بێ کارە، شەقفی بە کارەبا (ماسی پێ دەگیرێت.)

### ٢_٥_٤ ناوی شوێن:

ناوی شوێن یەکێکە لەو ناوانەی، کە لە زمانی ماسیگران دەبیسترێ. هەر بۆیە، ناوی شوێن ئەو ناوەیە، کە واتای شوێن دەگەیەنێت.(یوسف، ١٩٩٩: ٢٣)واتە لە زمانی ماسیگران ناوی شوین لە پیشەکەیاندا جێگەی تایبەتی خۆی هەیە، چونکە ماسیگران لە کاتی ڕاوکردندا شوێنیکی ئاوییان پێویستە، بۆ ئەوەی ڕاوی خۆیان تێدا بکەن، بۆ نموونە:

- زێ، زێی کەلەك، گەلی بێخمە، گۆم، پاشئاو.
- ناحیەی کەلەك، چەمەدوبس، گوندی ملا عمر.
- فەسڵ، زێ قرێژی هەیە، زێ گووبۆقی هەیە.
- تۆڕ گووبۆق دەگرێت.
- بێخمە، گوێڕ، تیژەن(ڕەندە)

گەر لە ڕووی فەرهەنگییەوە سەیری وشەی (پاشئاو) بکەین، دەبینین لای ماسیگران واتایەکی تایبەتی هەیە، بەمشێوەیەیە، پاشئاو (گۆمە ئاوێکە،لە تەنیشت زێیە، کاتێك زێ شێلو بێت، ئەو پاشئاوە چونکە لە ئاڕاستەی زێ دا نییەو لایداوە، ئاوەکەی ڕوونە و ماسی ڕوو لە پاشئاوە دەکات، بۆ ڕاوکردن باشە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بو ڤەکولینێن کوردی

## ئەنجام:

١- ماسیگرە کوردەکان زمانێکی تایبەت بەخۆیان هەیە،کە یەکەکانی لە زمانی گشتیی کوردی وەرگیراوەو لە بواری تایبەتی پیشەکەی خۆیان بەکاری دەهێنن و ئاخاوتنی ڕۆژانەیان پێ ئەنجامدەدەن، کە کەسێك خاوەنی ئەم پیشەیە نەبێت بە ئاسانی لێیان تێناگات.

٢- زمانی ماسیگران زمانێکی فەرمی نییە، تایبەتە بە چینیکی دیاریکراو، کە ماسیگرەکان خۆیانن و لە کاتی ڕاوکردنی ماسی و بەیەکگەیشتی تاکەکانی ئەم کۆمەڵەی زمانە بەکاری دەهێنن.

٣- زمانی ماسیگران یەکەکانی لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی و ڕستەسازیدا لەگەڵ زمانی گشتیدا وەکو یەکە تەنها لە ڕووی واتاسازییەوە جیاوازییان هەیە و هەموو تایبەتمەندییەکانیشی وەکو زمانی گشتی هەیە.

٤- ئەو زمانەی، کە ماسیگرەکان لەگەڵ یەکتری قسەی پێدەکەن، جیاوازە لەگەڵ ئەو زمانەی ماسیگرێك لەگەڵ کەسێکی ئاسایی لە کاتی ڕاوکردندا قسە پێدەکات.

٥- زمانی ماسیگران لە کۆمەڵگەیەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازە، ئەگەر تاکە زمانێکیش وەرگرین،لە نێو دیالێکتەکانیشدا ئەو زمانە جیاوازە، ئەوەش بە هۆی جیاوازی کەلتوری و شوێنی جوگرافی.

٦- زمانی تایبەتی ماسیگران بە هەمان شێوەی زمانی گشتی، بە تێپەڕینی کات گەشەو گۆڕانی بەسەردادێت و زمانەکە دەگۆڕێت.

## سەرچاوەکان:

### ١_ سەرچاوە کوردییەکان:


١. ئەحمەد، عەبدولمەناف ڕەمەزان (٢٠١١) ئەتڵەسی زمان، زمانی هەرێمی کوردستان بە نموونە، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٢. أمین، نوری علی (١٩٥٨) قەواعدی زمانی کوردی لە صرف ونەحودا، بەرگی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەغدا.

٣. باتنی، محەمەد رەزا، وەرگێڕانی، هێرش کریم (٢٠١٢) چەند بابەتێکی زمانەوانی نوێ، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلیمانی.




Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

٤. ویدۆوسن، ه.د.، وەرگێرانی، هۆشنگ فاروق(٢٠٠٨) سەرەتایەك بۆ زمانەوانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی، دهۆك.

٥. فتاح، محمد معروف (٢٠١١) زمانەوانی، چاپی سێیەم، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٦. مارف،ئەورەحمانی حاجی (٢٠٠٤) فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، کوردی– عەرەبی – ئینگلیزی، سلێمانی.

٧. ملا حمدامین، بیان (٢٠١٣) رێبازی ئەرکی و شیکردنەوەی دەق بۆچوونەکانی دیل هایمز بەنموونە، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.


## ٢_ سەرچاوە عەرەبییەکان:


٨. الخولی، محمد علی (١٩٨٦) معجم علم اللغه التطبیقی،الطبعه الاولی، طبع فی لبنان.

٩. الخولی، محمد علی (٢٠٠٠) مدخل الی علم اللغه، دار الفلاح للنشروالتوزیع، الاردن.

١٠. الخطیب، أحمد شفیق (٢٠٠٦) قراءات فی علم اللغه، الطبعه الاولی، دار النشر للجامعات، مصر.

١١. خلیل،ابراهیم (٢٠١٠م -١٤٣٠ ه)، مدخل الی علم اللغه، الطبعه الاولی، دار المسیره اللنشر والتوزیع والطباعه، عمان – الاردن.

١٢. الزوار،جبار خطار، ماجده اسماعیل عبدالمجید(١٩٨٩) الدلیل العلمی لتشریح الرمیح والاسماك، وزاره التعلیم العالی والبحث العلمی، جامعه البصره، مطبعه جامعه البصره.

١٣. الضامن،حاتم صالح (١٩٨٩) علم اللغه، طبع بمطبعه التعلیم العالی، موصل.

١٤. ضیان، کمال محمد سعید (١٩٧٨) دراسه أقتصادیه للثروه السمکیه فی العراق، منشورات مرکز دراسات الخلیج العربی، جامعه البصره، مطبعه الارشاد، بغداد.

١٥. طلیمات، غازی مختار (٢٠٠٧) فی علم اللغه، دار طلاس للدراسات والترجمه والنشر،دمشق، سوریا.

١٦. عکاشه، محمود (٢٠٠٧) علم اللغه مدخل نظری فی اللغه العربیه، الطبعه الاولی، دار النشر للجامعات، مصر.

١٧. فارع، شحده، جهاد حمدان، موسی عمایر، محمد العنانی(٢٠٠٣)مقدمه فی اللغویات المعاصره، الطبعه الثانیه، دار وائل للنشر والتوزیع، عمان، الاردن.

١٨. محمد محمدیونس علی (٢٠٠٤) مدخل الی اللسانیات، الطبعه الاولی، دار الکتاب الجدید المتحده، لیبیا.

١٩. محمود،عبدالباری محمد (٢٠٠١) الناشر منشأه المعارف بالاسکندریه، شرکه الجلال للطباعه.

٢٠. یوسف، مجدی أبراهیم،محمود فهمی حجاری(١٩٩٩) معجم القواعد النحویه، الطبعه الاولی، دار الکتاب المصری القاهره، دار الکتاب اللبنانی.


## ٣_ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:


21. Matthews, P.H. (2011) Concise Dictionary of Linguistics, Oxford university press.

22. Mey, J.L. (2001) Pragmatics, an Introduction, Blackwell publishing.

## پاشکۆکان:

بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە بە شێوەی مەیدانی، سەردانی ناحیەی کەڵەك و چەمەدوبس و گوندی ملا عمر، کراوەو چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەك ماسیگر کراوەو دەنگیان تۆمارکراوە،کە لە پاشکۆیەدا خراوەتەڕوو:

**چاوپێکەوتنی ژمارە (١)**

ناوی سیانی: أسماعيل سليم شێخە

پیشە: ماسیگر

شوینی نیشتەجێ: کەڵەك سەر بە قەزای بەردەڕەش

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٥١ز

ئاستی خوێندەواری: نەخویندەوار

چەند ساڵە پیشەی ماسیگری دەکەیت: ٥٠ ساڵە

ڕۆژی چاوپێکەوتن: شەممە٩/١١/ ٢٠١٩

بە ئامادەبوونی: ١ـ عماد خسرۆ

٢ـ بروسك أسماعيل

**پرسیارەکان:**

پ١ـ چی ڕاو دەکەیت؟

پ٢ـ چەند جۆر ڕاوکردنی ماسی هەیە؟

پ٣ـ پێداویستییەکانی ڕاوکردنی ماسی چییە؟

پ٤ـ چەند جۆر ماسی ڕاودەکەن و ناویان چییە؟

پ٥ـ ئەو پەندانەی لە سەر ماسی گوتراوە چییە؟

پ٦ـ چ کاتێك دەچن بۆ ڕاوکردنی ماسی؟

پ٧ـ لە چ وەرزێك ڕاو دەکەن؟

پ٨ـ ئەو نازناوانەی ماسیگرەکان هەیانە چییە؟

پ٩ـ چیتر دەتەوێت، بڵێیت سەبارەت بە ڕاوکردنی ماسی؟

**وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی ژمارە (١)**

- زێی کەڵەك، گەلی بێخمە
- تۆڕو تۆڕی پەرەشووت(١٢٠ کیلۆ ماسی دەگرێت)، تۆڕی گەعێتی، تۆڕی جودی، تۆڕی سعی، تۆڕی سومێری و بەڵەم و قولاب، بەچووپ( عبرە= کەڵەك)
- قولاب، سەرکەقولاب گەورە، سەرکە قولابی بچووك



Zakho Centre for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- خیت، خێتی رەقم پەنجا، خێتی رەقم دە،خێتی رەقم حەفتا،خێتی رەقم پەنج،خێتی رەقم چوار،خێتی رەقم سەد،خێتی رەقم سەدوپەنجا
- فاله( پارچه شیشێکی درێژه نزیکەی دوو مەتر دەبێت، سەرەکە قەوسی نوکتیژە، لە ماسی دەدرێت بۆ ڕاکێشانی لە ناو ئاو.)
- ماسی، ماسی بچوك، ماسی گەورە، سۆرەماسی، گەتان، قوراوی، پانکە، مارماسی، دەوگەورە، بنی، سمتی، شەسانی ئەلیچۆ، زەردەماسی، قەشاش، کەسکەماسی، فەرخ بز، زرماسی.
- گەتان لەگەڵ فەرخ بز تلقیی یەکتر دەکەن (ماسی زڕ) لێ دەکەویتەوە، وەکو زرتاژی
- خواردن وکەڵوپەڵی خواردن: ماسی، مسگوف، غەراد، نان، چا، ڕوون، مقری.
- ئاوی شێڵو، ئاوی ڕۆن
- قەدەغەکردنی ڕاوەماسی(٤/١٥ تا ٦/١٥) (٣/١٥ تا ٧/١)
- ماسی لە مانگی ١٢، ٣، ٦ زیاد دەکات و گەرا دادەنێت.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٢)**

ناوی سیانی: عزیز رحمان سمایل

پیشە: ماسیگر

شوینی نیشتەجێ: گوندی ملا عمر زاب

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٤٩ز

ئاستی خوێندەواری: پێنجەمی سەرەتایی

چەند ساڵە پیشەی ماسیگری دەکەیت: ٣٧ ساڵە

رۆژی چاوپێکەوتن: شەممە٩/١١/ ٢٠١٩

بە ئامادەبوونی: ١ـ لقمان تمر خان

٢ـ عماد خسرۆ

**پرسیارەکان:**

پ١ـ ماسیگر کێیە؟

پ٢ـ چەند جۆر ڕاوکردنی ماسی هەیە؟

پ٣ـ پێداویستییەکانی ڕاوکردنی ماسی چییە؟

پ٤ـ چەند جۆر ماسی ڕاودەکەن و ناویان چییە؟

پ٥ـ ئەو پەندانەی لە سەر ماسی گوتراوە چییە؟

پ٦ـ چ کاتێك دەچن بۆ ڕاوکردنی ماسی؟

پ٧ـ لە چ وەرزێك ڕاو دەکەن؟

پ٨ـ چیتر دەتەوێت" بڵێیت سەبارەت بە ڕاوکردنی ماسی؟



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

**وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی ژمارە (٢)**

- فەسڵ، زێ قرێژی هەیە، زێ گووبۆقی هەیە.
- تۆڕ گووبۆق دەگرێت.
- چووپ، تۆڕ، قولاب، تی ئێن تی(تەقینەوە)، کارەبا
- جۆرەکانی ناوی تۆری ماسی گرتن:(تۆڕی پەنجەونیو، تۆڕی سێ پەنجە، تۆڕی دووپەنجە، تۆڕی چوارپەنجە، تۆڕی پێنج پەنجە، تۆڕی نایلون بۆ (ڕۆژوئاوی ڕوونە)، تۆڕی دەزی بۆ (شەووئاوی شێڵوە)
- مس، تەپەدۆر
- جۆرەکانی ناوی ماسی: بز، قورخۆرە، پانکە، سۆرەماسی، لچە، جوری، مارماسی، ماسی کەسک، ماسی گەورە، ماسی بچووک.
- تۆرم دانایتەوە زێ هاتییە بردیتی.
- مەڵەوان نیم، زۆر باش نیمە.
- سەگاو (دزی لە ڕاوچی دەکات و ماسی دەخوات و لە تۆڕ دەدات.)
- سەگاو دەچیتە گژ تۆڕێ.
- پاشئاو (گۆمە ئاوێکە،لە تەنیشت زێیە، کاتێك زێ شێڵو بێت، ئە پاشئاوە ئاوەکەی ڕوونە و ماسی ڕوو لە پاشئاوە دەکات، بۆ ڕاوکردن باشە.)
- فەردەماسی، ماسی لووسە
- سکە لە ئاو دادەکوتم، تا تۆڕەکە نەڕوات.
- جارەك یەك فەردەی شیش کووت ماسیم گرت.
- عزیز دەڵێن: ئەتوو بە فەردان ماسی دەفرۆشی.
- حەسوود هەیە، چاوپیس هەیە.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٣)**

ناوی سیانی: کاکل عبدالحرمان یاسین

پیشە: ماسیگر

شوینی نیشتەجێ: کەڵەك سەر بە قەزای بەردەڕەش

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٦٣ز

ئاستی خوێندەواری: شەشەمی سەرەتایی

چەند ساڵە پیشەی ماسیگری دەکەیت: ٢٥ ساڵە

ڕۆژی چاوپێکەوتن: شەممە٩/١١/ ٢٠١٩

بە ئامادەبوونی: ١- عماد خسرۆ

٢- حاتم محمدامین

**پرسیارەکان:**

پ١- چەند جۆر ماسیگر هەیە و ناویان چییە؟

پ٢- تۆ بە چ جۆریك یان شێوەیەك ڕاوی ماسی دەکەیت؟

پ٣- جۆرەکانی ڕاوکردنی ماسی ناویان چییە؟

پ٤- ئامیرەکانی ڕاوکردنی ماسی ناویان چییە؟

پ٥- ئەو پەندانەی لە سەر ماسی گوتراوە چییە؟

پ٦- چی ڕاو دەکەیت ؟

پ٧- ئایا ئێوە لە کاتی ڕاوکردنی ماسی نان دەخۆن، ئەو نان خواردنە چ ناوێکی پیدەڵێن؟

پ٩- چیتر دەتەوێت، بڵێیت سەبارەت بە ڕاوکردنی ماسی؟

**وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی ژمارە (٣)**

- ماسی زۆرە.
- جۆرەکانی ناوی ماسی: زەردەماسی، دەوگەورە، کەسکەماسی، جورِی، شەبووت، بز، گەتان، بنی، جەلاوی(وەکو کیسەڵەبەلام لەو گەورەترە.)
- جۆرەکانی تۆڕی ڕاوکردنی ماسی: تۆڕی دووپەنجە، تۆڕی چوار پەنجە، تۆڕی شەش پەنجە، تۆڕی حەوت پەنجە.(ئەم تۆڕانە چاویان هەیە، چاوی گەورەو چاوی بچووك)
- بەڵەم، بەڵەمی بێ مەکینە، بەڵەمی بە مەکینە، کارەبا
- جلوبەرگ موشەمەع مەتەری، فلینە، مسگوف، چا.
- تۆڕ لە بنەکەی مسی پێوەیە بۆ چوونە ناو ئاو، لە سەرەوە تەپەدۆری پێوەیە.
- تۆڕ هەیە لە ناو ئاو بەجێی دەهێڵین.
- تۆڕیش هەیە لەگەڵ خۆت بە ناو ئاودا دەیبەیت، ماسی پێوە دەبێت.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٤)**

ناوی سیانی: نەزیر محمد تەیب

پیشە: ماسیگر

شوینی نیشتەجێ: کەڵەك سەر بە قەزای بەردەڕەش

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٦٥ز

ئاستی خوێندەواری: شەشەمی سەرەتایی

چەند ساڵە پیشەی ماسیگری دەکەیت: ٢٥ ساڵە

ڕۆژی چاوپێکەوتن: شەممە ٩/١١/ ٢٠١٩

بە ئامادەبوونی: ١- عماد خسرۆ

٢- کاکل عبدالرحمان

**پرسیارەکان:**

پ١- چی ڕاو دەکەیت؟

پ٢- چەند جۆر ماسیگر هەیە، چ جۆرە ناوێکیان لێیە؟

پ٣- ئامێرەکانی ڕاوکردنی ماسی چین و ناویان چییە؟

پ٤- چەند جۆر ماسی ڕاوکردنی ماسی هەیە؟

پ٥- ئەو پەندانەی لە سەر ماسی گوتراوە چییە؟

پ٦- چ کاتێك دەچن بۆ ڕاوکردنی ماسی؟

پ٧- بە چ شێوەیەك ڕاودەکەیت و چەند جۆرە ڕاوکردنی ماسی هەیە؟

پ٨- چیتر دەتەوێت، بڵێیت سەبارەت بە ڕاوکردنی ماسی؟

**وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی ژمارە (٤)**

- جەلاوی، مارماسی، گەتان، زەردە، شەبووت
- تۆڕ، قولاب، قولابی گەورە
- ئەو شتانە بە قولاب وەدەکرێ بۆ ڕاوکردنی ماسی: هەویر، مشك، جورج، ماسی
- تۆڕی گەورە گعێچی، تۆڕی سعێچی، تۆڕی پەڕەشووت



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- بێخمە، کەڵەك، گوێڕ
- ماسی حەوز زۆرە.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٥)**

ناوی سیانی: سمیر محسن حمدامین

پیشە: ماسیگر

شوینی نیشتەجێ: چەمەدوبس سەر بە قەزای خەبات

ساڵی لەدایك بوون: ١٩٨٢ز

ئاستی خوێندەواری: پێنجەمی سەرەتایی

چەند ساڵە پیشەی ماسیگری دەکەیت: ١٥ ساڵە

رۆژی چاوپێکەوتن:شەممە ٢٠١٩ /١١/٩

بە ئامادەبوونی: ١- عزیز رحمان سمایل

٢- عماد خسرۆ

**پرسیارەکان:**

پ١- چی ڕاو دەکەیت؟

پ٢- چەند جۆر ڕاوکردنی ماسی هەیە؟

پ٣- پێداویستییەکانی ڕاوکردنی ماسی چییە؟

پ٤- چەند جۆر ماسی ڕاودەکەن و ناویان چییە؟

پ٥- ئەو پەندانەی لە سەر ماسی گوتراوە چییە؟

پ٦- چ کاتێك دەچن بۆ ڕاوکردنی ماسی؟

پ٧- لە چ وەرزێك ڕاو دەکەن؟

**وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی ژمارە (٥)**

- سەمیر ماسیگر
- ڕۆبیان، ڕۆبیانی گچکە، ماسی
- بەڵەم ( تەرح)، قولاب، تۆڕ، زێ
- تۆڕ جۆری هەیە.
- داو (خێت) عەیاری هەیە، (عەیاری پازدە، عەیاری شازدە، عەیاری حەڤدە، عەیاری هەژدە، عەیاری نۆزدە، عەیاری بیست، عەیاری، بیست و یەك، عەیاری بیست و چوار)
- تۆڕی دووپەنجە، تۆڕی یەك پەنجە، تۆڕی سێ پەنجە، تۆڕی پێنج پەنجە، تۆڕی چوار پەنجە، تۆڕی شەش پەنجە.
- تۆڕ دوو حەبلی پێوەیە.( حەبلی سەرەوە فلینەی پێوەیە، حەبلی بنەوە مسی پێوەیە.
- بەرینی و تەسکی تۆڕ
- بەرینی تۆڕ (تۆڕ هەیە دوو مەتر، سێ مەتر، چوارمەتر، پێنج مەتر، شەش مەتر بەرینە.)
- درێژی تۆڕ (بە ئارەزووی خۆتە حەز دەکەیت سەد مەتر درێژ بێت.)
- قۆر، باحیرە، حفارە خواردبی، مەنتیقە،قۆرتی حەفارە.
- ماسی بەگی نییە، پێش وپێشی هەیە، بادانەوەی سەریعە.
- ماسی کەلە تۆڕ دەدات لەگەڵ خۆی دەبات.
- تۆڕی ئێمە بەرینە تەسك نییە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- چووپ عەیارەکەی بیست وچوارە.
- وەرگەڕان هەیە.
- بەڵەمی دار، بەڵەم هەیە زەورەقی پیوەیە.(ماتۆڕی پێوەیە.)
- بەڵەمی بێ ماتۆڕ بە سەلب لێدا دەڕوات.
- تۆڕی تەسک بۆمە نابیت.
- ماسی سوڕانەوەی سەریعە.
- سەلبە(دارە) سەلب لیدان.
- فەردە پڕ بەرد دەکەیت لە تۆڕ دەبەستی.
- بنەدار، بنەگەز تۆڕی لێ دەبەستی.
- نەفەر، لموزی بەڵەم.
- سەری تۆڕ یان لە فەردەی بەرد یان لە بنەدارەك دەبەستی.
- ئەگەرنا تۆڕ دەڕوات.
- بەدلە دوو قایشی پێوەیە، پۆتین(جزمە)، سەرو بن لە خۆیتی.
- جزمەکە بە بەدلەکەیەوە.
- تاکو قالبت تەڕ نەبیت، شاپەڕی ماسی لێت نەدات و زیانیت پێ نەگەیەنێت.
- تەڕایی، لە ناو ئاودای، سینگ، هیشکایی، پژدێن، چۆك، دڕان و پسان، گیربوون، قولاب.
- تیژەن(ڕەندە )
- بادینان، زێ دێتە خوارێ، ئاو تەنك دەبێت، بەرد بە دیار دەکەوێت، قەوسایی ( خڕیی) بەرد دروست دەکەیت، فەردەك پڕ لە جۆ یان ئالیك دەکەیت لە تیژن دادەنێیت، کە ئاو لێی دەدات تام و بۆنی هەیە ماسی بە دوایدا دێت، دەرهێنانی تۆڕ
- جۆرەکانی ناوی ماسی: سێ جۆر ماسی جوری هەیە.

١- جوریی ڕەش جۆرێکی گچکەیە، بن گوێی بەنجە و ژەهراویشە، گەر لە دەستت بدات بۆ ماوەی بیست وچوار سەعات ژان دەکات و بە کەڵکی خواردن نایەت.

٢- جوریی زەرد سەری شاپەرەکانی ژەهراوییە، گەر بشمریت هێسکەکەی بە دەستت بکەوێت، ژان دەکات.

٣- جوریی ئاسایی گەوروەیەو زۆر مەرغوبە و دەخورێت.

- مارماسی هەروەکو مارە، بە تۆڕ بە قولاب دەگیرێت.
- قولاب ڕیخەڵۆکی مریشکی پێوە دەکەن، یاخود گۆشتی حەیوان پێوە دەکەن.
- ڕیخەلۆکی مریشك بەقوتە.
- قرژال، گۆم، وەرگەڕانی تۆڕ.
- رزقی من لە سەر ماسییە.
- گۆمەکانی بێژنگ کردووە.
- سەمیر ماسیگر، سابیر ماسیگر.

**چاوپێکەوتنی ژمارە (٦)**

ناوی سیانی: خزر ابراهیم شێر

پیشە: ماسیگر

شوینی نیشتەجێ: کەڵەك یاسین ئاغا



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکولینێن کوردی

سالی لەدایك بوون: ١٩٥٠ز
ئاستی خوێندەواری: شەشەمی سەرەتایی
چەند ساڵە پیشەی ماسیگری دەکەیت: ٦ ساڵە
ڕۆژی چاوپێکەوتن: ٩/١١/ ٢٠١٩
بە ئامادەبوونی: ١ـ حاجی سەعید عەلی
٢ـ عماد خسرۆ

**پرسیارەکان:**

پ١ـ ئامێرکانی ڕاوکردنی چیین و ناویان چییە؟
پ٢ـ چەند جۆر ڕاوکردنی ماسی هەیە؟
پ٣ـ پێداویستییەکانی ڕاوکردنی ماسی چییە؟
پ٤ـ چەند جۆر ماسی ڕاودەکەن و ناویان چییە؟
پ٥ـ ئەو پەندانەی لە سەر ماسی گوتراوە چییە؟
پ٦ـ چ کاتێك دەچن بۆ ڕاوکردنی ماسی؟
پ٧ـ لە چ وەرزێك ڕاو دەکەن؟
پ٨ـ چیتر دەتەوێت، بڵێیت سەبارەت بە ڕاوکردنی ماسی؟

**وەڵامی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنی ژمارە (٦)**

- بەدلەی ڕاوکردنی ماسی، بەدلەی بە جزمە، بەدلەی بێ جزمە
- تۆڕی سلایە (تۆڕی بە زنجیر = تۆڕی خڕ)، خێت، بەکرەی خێت، سەرکە قوڵاب، سەرکە قولابی گچکەگچکە، سەرکە قوڵابی گچکە، سەرکە قوڵابی گەورەگەورە، سەرکە قولابی گەورە، سەقالە(بۆ قورسکردنی قوڵابە)، قوڵابی منداڵ، تەوافە، داوی قوڵاب، خێتی قوڵاب، خێتی فەل، سنارە، بەکرەی سنارە(مەکینە)، داری قوڵاب،
- تۆڕی دووپەنجە( ماسی بستیك، بست و نیوێك دەگرێت)، تۆری پەنجەونیو، تۆڕی دووپەنجە ونیو، تۆڕی سێ پەنجە، تۆڕی چوار پەنجە،تۆڕی گەعێتی، تۆڕی یەك پەنجە، تۆڕی شەش پەنجە، تۆڕی حەوت پەنجە، تۆری هەشت پەنجە، تۆری دە پەنجە، تۆڕی بیس پەنجە.
- بەکرەی خێت قیاسی گەورە.
- تەبگ( سێ تۆڕ چوار تۆڕ لێکدراوە)
- مەترەقە (مێکوتە= کوتکی ساوار کوتانەوە)
- تەشتی لاستیك بەفری لە ناو دەکرێت و بەفرەکە بە مەترقە دەشکێندرێ و ماسی ڕاوکراوی لە ناو دادەنرێت.
- گەنی، فالە، رمح، لایت، بەڵەم، سەلب، سەلبی بەڵەم، شەقفی بێ کارە، شەقفی بە کارەبا( ماسی پێ دەگیرێت.)
- چووپ، بەڵەم، تۆڕ، کارەبا
- ٣/١٥ تا ٦/١٥ مەنعە.
- سۆرەماسی، قورخۆرە، فەرخ، زمردە ماسی، کەسکەماسی، بنی، دمبك، ڕۆبیان، مارماسی، جوڕی.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# أرغة في علم اللغة الاجتماعية - لغة صيادي السمك أنموذجا-

**الملخص:**

إن هذا البحث المسمى ب (أرغة في علم اللغة الاجتماعية– لغة صيادي السمك أنموذجا-)، يدرس في إطار علم اللغة الاجتماعية أرغة بصيادي السمك، يشير الى أن اللغة أو اللهجة، التي القاموس والمصطلح ومعانيها الخاص بأصحاب المهن والحرف يتم الاعتماد فيها على المصطلحات الخاصة بالحرف والمهن، التي يدرس بها علم اللغة الاجتماعية.

إن منهجي في هذة الدراسة منهج تطبيقي في علم اللغة الاجتماعية، والوسائل المستخدمة هي: إستخدام اللهجة الكورمانجية الوسطى و زيارة ناحية أسكي كلك الواقعة على نهر الزاب ومنطقة چەمە دوبس و قرية ملا عمر.

وذلك لأستخدام العينة البحثية الخاصة بمهنة صيد السمك واللغة المستخدمة بين صيادي السمك. ويتألف البحث من: المقدمةو القسم الاول والقسم الثاني والاستنتاج وخلاصة البحث باللغة العربية والانجليزية والملحق وما من حيث مضمون البحث وموضوعه، فتقسيمه كالاتي:- القسم الاول ويحتوى على: بعض الجوانب النظري أرغة، المدخل، علم اللغة الاجتماعية، اللغة، التنوع اللغوي، اللغة الخاصة، مفهوم ونشأة اللغة الخاصة، تعريف اللغة الخاصة وهو على قسمين: الاول: اللغة الخاصة بالجماعات والعصابات. الثاني: اللغة الخاصة بأصحاب الحرف والمهن.

القسم الثاني ويتضمن: أرغة الصيادين السمك في الكوردية، مهنة صيد السمك، الصياد، الاسم، تصنيف الاسم، أسم الحيوان، أسم الجماد، أسم الالة، أسم المكان.

**الكلمات دالة:** ***أرغة، لغة صيادي السمك، علم اللغة الاجتماعية، التنوع اللغوي، تصنيف الاسم***

# The Argon languages in linguistics, Fishmongers as an example.

**Abstract:**

The study attends to the Jargon or Argon languages in linguistics, Fishmongers as an example. In this regard the study deals with a special variety which is the language of the people whose occupation is fishing, their words, expressions, and cultural environment.

The methodology of the study is practical sociolinguistics, interviewing as a method of data collection is used and the sample is the central Kurmanji of some

villagers fishmongers in the Great Zab river between Erbil and Duhok provinces, in Kalak town including Jama Dubs, and Mala Omer Zabin.

The study contains the introduction, two sections, results and conclusions, references, the summary in Arabic and English languages, and appendices. They are as follows:

First section: includesargot theory, preliminaries, sociolinguistics, language, linguistic diversity, jargon languages, the concept and raise of jargon, its definitions, bands, groups, and professional languages.

Second section: involves fisher people or fishmongers, name, classification, animate nouns, inanimate nouns, nouns of tools, and nouns of profession.

**Keywords:** *The Argon Languages, Fishmongers, Sociolinguistics, Linguistic Diversity, Classification Noun*

Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی